# کۆنگرەی ئازادی عیراق

## دیاری وپەیامی حیزبی کۆمۆنیستی کریکاری بوو بۆ1ئایاری ئەمساڵ لەرۆتەردام

ئەمرۆ 1ئایار لەرۆتەردام، دووەم گەورەشاری هۆڵەندا، شانبەشانی هیزی ملیۆنی کریکاران وکۆمۆنیستەکان لەسەرتاسەری جیهاندا، جەژنی جیهانی کریکاران، ورۆژی هاوپشتی ئەنتەرناسیونالیستی کریکاری، بەبەرپاکردنی خۆپیشاندان وریێپیوانیکی گەورە وبەرفراوان بەرزراگیرا. ریێپیوان لەکاتژمیر 14:00 لەبەردەم شارەوانی رۆتەردامەوە دەستی پیێکرد وبەناوەندی شەقامە سەرەکییەکانی شاردا سوورایەوە هەتا مەیدانی (burgplein)،لەویش بەمیتینگ و ووتارخویندنەوە دریژەی پیێدرا ودوای 3سیێ کاتژمیر کۆتایی پیێهات. هەزاران تراکت وپەیام وبەیان وبلاَوکراوەی جۆراوجۆری گروپ وحیزب وریکخراوەکان بەناو شاردا پەخشکرانەوە.

ئەمرۆ شاری رۆتەردام رەنگ وبۆیەکی تەواو جیاوازی لەخۆی گرتبوو لەگەڵ رۆژەکانی تری ساڵدا. سەدان ئالاَی سوور وسەدان شیعار وتراکتی کریکاری، ولەسەرووشیانەوە وینەی گەورە رابەرانی جیهانی چینی کریکار، مارکس، ئەنگلس، لینین ومەنسور حکمەت دەشەکانەوە. ئەمرۆ نەباسی میللەت وزمان لەئارادابوو، نەباسی قەوم وتائیفە نەباسی رەنگی پیست ورەگەزی جیاواز وەنەباسی نیشتمان وخاك لەئارادابوو! ئەمرۆ دەنگ وسەدایەکی دیکە، بانگەوازیکی دیکە وپەیامیکی دیکە گویێیەکانی کەردەکرد. یانی بانگەواز وپەیامی ئینسانییەت لەجیگای قەوم ومیللەت وتائیفە، وهاودلی لەجیگای دەمارگیری میللی وخاکپەرستی ونەتەوەچیتی، وەئەنتەرناسیونالیزم لەبەرامبەر ناسیونالیزم دا راوەستابوو. ئەمرۆ پەیامی 1 ئایار، واتە دەنگی زولاَلی رەتکردنەوەی کۆیلایەتی بەکریێ وهەلپیچانی سیستەمی نایەکسان ودژی ئینسانی ودژی کریکاری سەرمایەداری مەیدانی کۆنترۆڵکردبوو. ئەمرۆ هەرکەس ریپیوانی شکۆداری یەکی ئایاری دەبینی، لەناخی دلەوە پیرۆزبایی لیدەکرد وبەنیشانەی هاوپشتی لەگەڵ خۆپیشاندانەکەدا مشتیان بەرزدەکردەوە. هەرکەسیش دەماری میللیگەری وراسیستی بەرچاوی گرتبوو،چاوی هەڵنەدەهات بەم ریزلینان ومەراسیم وریپیوانە عەزیمە کەبۆ ئەم جەژنە جیهانییە سازکرابوو. ئەمرۆ کریکاران وکۆمۆنیستەکان پەیامی مارکس ولینینیان بەشەکاوەیی بەرز راگرت وبەناونیشانی تەنها ریگاچارەی هەموو گرفت وکویرەوەری وچەوسانەوەیەکی ئینسان بۆ ئینسان سۆشیالیزمیان لەبەرامبەر سەرمایەداریدا دانایەوە. ئەمرۆ رەخنەی قووڵی مارکس لەسەرمایەداری

بەپانتایی جیهان هینرایە بەرەوە وتاووتوێکراو وەکو شاریگای گەیشتن بەعەدالەتی کۆمەڵایەتی وبەرقەرارکردنی ئازادی ویەکسانی، ملیۆنەها ئینسانی کریکار وئازادیخوازی لەدەوری یەك کۆکردەوە.

هەردوو کۆمیتەی هۆلەندای حیزبی کۆمۆنیستی کریکاری عیراق وحیزبی کۆمۆنیستی کریکاری ئیران _ حکمەتیستیش بەشیوەیەکی تایبەت وبەرچاو بەشداری ئەم رۆژەیان کرد. ئەم دوو حیزبە ویرای نیشاندان وبەرزکردنەوەی کۆمۆنیزمی کریکاری وەکو ئاڵایەك وبەدیلیك لەئیران وعیراقدا بۆ دەرهینانی ئەم دوو کۆمەلگا گرنگەی خۆرەڵاتی ناوەراست لەژیر چنگی جمهوری ئیسلامی وجەنگی کۆنەپەرستانەی نیوان تیرۆریزمی ئەمریکا وتیرۆریزمی ئیسلامیدا، پەیامیکی گرنگ ونوێشیان پێبوو بۆ 1ئایاری ئەمساڵ، ئەویش کۆنگرەی ئازادی عیراق بوو. چەندین ئاڵای سوور بەوینەی مارکس ومەنسور حکمەتەوە، لەگەڵ شیعاری، نابۆ داگیرکاری ئەمریکا.. نا بۆئیسلامی سیاسی! بژی 1ئایار رۆژی هاوپشتی جیهانی کریکاران! وسەدان بەیاننامەی هەردوو حیزب بەبۆنەی ئەم رۆژەوە وبەیانی پیکهاتنی کۆنگرەی ئازادی عیراق وپەیامی ریبوار ئەحمەد بەبۆنەی 1ئایارەوە بەزمانی هۆلەندی وئینگلیزی وعەرەبی وکوردی وفارسی بلاوکرانەوە.میزکتیبی هاوبەشی هەردوو حیزب کەسەدان بەیاننامە ووەرەقەی تەبلیغی وکتیب وبلاوکراوەی هەردوو حیزب وکۆنگرەی ئازادی عیراقی لەسەر دانرابوو، ببوە جیگای سەرنجی خەلك وخۆپیشاندەران وحەماسەت وشۆروشەوقیکی گەورەتری بەخشیبوو بەریزگرتن لەم رۆژە. ئەمرۆ پەیامی سەرەکی هەردوو حیزبمان لەم جەژنە گەورە جیهانیەی کریکاراندا بۆ کریکاران وبزووتنەوەی کریکاری وکۆمۆنیستی وجیهانی شارستانی، ناساندنی کۆنگرەی ئازادی عیراق بوو پێیان. بەئیبتیکاریکی تایبەتەوە هاورێیان بەشداری ئەم رۆژەیان کرد، کەبریتی بوو لەپۆشینی تیشیتی تایبەت بە کۆنگرەی ئازادی عیراق کەبەشیەوەیەکی جوان وریکوپیك بەزمانی ئینگلیزی لەسەری نوسرابوو کۆنگرەی ئازادی عیراق لەپیشەوە ولەپشتەوەش بەگەورەیی نووسرابوو(IFC). ئەم ئیبتیکارە ومیزکتیب وئاڵا وشیعارەکانمان روخساریکی بەرز وپیشرەوی دابوو بەریپوان وخۆپیشاندانەکە. ئینسانییەت لەناو دۆزەخی سەرمایەدا قەرزاری 1ئایار ورابەرانیکی گەورەی وەکو مارکس ولینین ومەنسور حکمەتن، کەبەهاکان وئەصالەت وئیرادەی ئینسانییانیان بەئەمانەتەوە پاراستووە وریگای گەیشتنیان بەسەعادەتی کۆمەڵایەتی بەشیوەیەك لەبیر وهۆشی چینی بەرهەمهینەر وبنیاتنەری ژیان وکۆمەلگەدا تۆمارکردووە، وریبازیکیان دیاریکردووە بۆی، کەمرۆڤایەتی ناتوانێ دەسبەرداری ببێ، وشۆرشی کۆمەڵایەتی خۆی دەبێ دەستبداتێ. بۆیە باهەموو پیکەوە بەدەنگی بەرز هاوار کەین، بەرز وبەریز بیت 1ئایار رۆژی هاوپشتی جیهانی کریکاران!! بژی سۆشیالیزم!

**حیزبی کۆمۆنیستی کریکاری عیراق – کۆمیتەی هۆڵەندا**

1 ئایار 2005










